# "چەپ و ڕاست"



**فەرهەنگی زاراوە فەلسەفی و تیۆرییەکان(بە هەوڵ و کۆششی: ئەمیر حەسەنپور)**
وەرگێڕانی: وەلید عومەر

بەکارهێنانی هەردوو وشەی (چەپ) و (ڕاست)، وەک دوو ئینتیمای سیاسیی نەیار و ناکۆک، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی بۆرژوا/دیموکراتیکی فەرەنسا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا. لە ئەنجومەنی میللیی فەرەنسادا کە لەساڵی ١٧٨٩دا پێکهات، لایەنگرانی پاراستنی دەسەڵاتی پاشایەتی و گۆڕانی پلەپلەی سیستەم(واتە ژیرۆندینەکان) لەلای ڕاستی ئەنجومەنەکەوە دادەنیشتن و، لایەنگرانی سەرنگونکردنی نەزمە کۆنەکەش(پەیوەندییە فیوداڵییەکان، ئەریستۆکراتیەتی فیوداڵی و ڕۆحانیەتی فیوداڵی) و دروستبوونی کۆمارێکی یەکسانیخواز(واتە یەعقوبییەکان) لەلای چەپەوە دادەنیشتن. لەدوای ئەمەوە، "چەپ" بە مانای لایەنگری لە گۆڕانی ڕیشەیی دۆخی باڵادەست(ئیدی چ سیستەمی سیاسی بێت یان ئابوری و کۆمەڵایەتی) بەکاردەهێنرا، ئەویش بەئاراستەی بەرقەراربوونی عەدالەت و یەکسانی و دیموکراسیدا. زاراوەی "ڕاست"یش واتە لایەنگریکردن لە دۆخی باڵادەست و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی، یاخود گۆڕانی سیستەمەکە لەپێناوی دروستبوونی جیاوازیی چینایەتی و ڕەگەزی و نەژادی و هتد.

گەرچی مانای چەپ/ڕاست، لە سەرەتاییترین و گشتیترین ئاستدا، لە دوو سەدەی پێشووەوە ماوەتەوە، کەچی ناوەڕۆک و بەکارهێنان و بایەخەکەیان هەمیشە گۆڕانی بەسەرداهاتووە. لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکارییە دەلالی و ماناییەکانی ئەم دوو زاراوەیەدا لەم ئیشە کورتەدا جێینابێتەوە، بەڵام دەتوانین ئاماژە بۆ بەکارهێنانەکەیان بکەین لە دوو کەلتوری سیاسیی دژیەکدا.

## 1) چەپ و ڕاست لە زانستی سیاسیی بۆرژوازییدا:

زاراوەی چەپ/ڕاست لە کەلتوری سیاسی(political culture)ی بۆژوازی، پارلەمانەکان، کەلتوری عەوام، ماس‌میدیا، و دونیای ئەکادیمیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت. وێڕای ئەمەش، "چەپ" و "ڕاست" بە تەمومژاویترین ئەو چەمکە سیاسییانە دەژمێردرێن کە بەجۆرێک دەزگای بڵاوکردنەوەی (Sage) بۆ ڕەواندنەوەی تەمومژ و ڕوونکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو وشەیە، ماوەیەک پێش ئێستا **ئەنسکلۆپیدیای سیاسەت: چەپ و ڕاست**ی[1] بڵاوکردەوە.
بۆ خۆپارێزی لە درێژدادڕی، مانای چەپ لە زانستی بۆرژوازیی ڕۆژئاوادا لە زمانی ڕاجەر سکرۆتنەوە دەگوازمەوە کە پسپۆڕێکی کۆنزەرڤاتیڤی فەلسەفەی سیاسییە. سکرۆتن دەڵێت "چەپ" تام و بۆیەکی

[1]. Rodney P. Carlisle (ed.), *Encyclopedia of Politics: The Left and the Right*. London: Sage Publications, 2005.

سیاسییە کە تێکەڵ و تێهەڵکێشێک لەم توخمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت، گەرچی پێویست ناکات دانەبەدانەیان ئامادەبن و هەریەکەیان دەتوانێت بە پلەیەک لە پلەکان هەبێت لە کۆ و گشتێتییەکەیدا:

- دژایەتیکردنی خاوەندارێتیی تایبەت و بڕوابوون بە خاوەندارێتیی گشتی کە ئەویش لەڕێگەی کۆنترۆڵی دەوڵەتییەوە مەیسەردەبێت.
- دوژمنایەتی لەگەڵ هەموو چینەکاندا، بێجگە لە پرۆلیتاریا و بەتایبەتییش دژایەتیکردنی بۆرژوازی.
- دژایەتیکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی، لە هەموو فۆرمەکانیدا، ئیدی لە سیستەمی ئیدارییەوە بیگرە تا دەگاتە ڕووکار و ئسول و سلوکەکانی.
- ئارەزووکردنی کۆمەڵگایەکی بێچین، بێئیمتیاز، بێپەیوەندیی بەخێوکەرانە یان بەبێ بنەمای وەرەسە و میرات.
- بڕوابوون بە دیموکراسی یان لانیکەم بەشداریکردنی گشتی لە فەرمانڕەواییدا، یان فەرمانڕەوایی لەڕێگەی ڕێککەوتنی گشتییەوە.
- بڕوابوون بە مانای مافە سرووشتییەکان(یان مافە مرۆییەکان) بەتایبەت یاساییەکان کە پەیوەندیی بە ئاوات و ئامانجەکانی چینی کرێکارەوە هەیە، بۆنمونە: ئارەزووکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی.
- بڕوابوون بە پێشکەوتن کە لەڕێگەی شۆڕش یان ڕیفۆرم(چاکسازی)ـەوە درووستدەبێت.
- مەیل و ئینتیمای یەکسانیخوازانە، ڕەنگە لەبەر ڕوانگەیەکی تایبەت بێت سەبارەت بە عەدالەتی کۆمەلایەتی.
- مەیل و ئینتیمای دژەناسیۆنالیستی، بەڵام مەرج نیە هەمیشە ئینتەرناسیۆنالیستی بێت.
- بڕوابوون بە دەوڵەتی خۆشگوزەران(welfare state) و کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر پەروەردە و فێرکردن و تەندرووستی و سەرچاوە گرنگەکانەوە[٢].

لە زۆرینەی ئەم خەسڵەتانەی چەپدا، مەیل و ئینتیمای سۆسیالیستی لەئارادایە و لەم ڕووەشەوە جێی سەرسوڕمان نیە کە لە هەندێک حاڵەتدا زاراوەی "چەپ"، بە مانای سۆسیالیست، کۆمۆنیست، شۆڕشگێڕ بەکاردێت. نۆربێرتۆ بابیۆ، لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بەم دوو زاراوەیە(چەپ و ڕاست: بایەخی جیاکارییەکی سیاسی)، جیاوازییە سەرەکییەکەی نێوانیان لەوەدا دەبینێتەوە کە "چەپ" خوازیاری یەکسانیی کۆمەلایەتییە و "ڕاست"یش داوای نایەکسانی دەکات. جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نایەکسانیخوازیی بزاڤە ڕاستڕەوەکان لە خراپەکاری و بەدسیفەتییانەوە سەرچاوەناگرێت بەڵکو ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر بڕوای ئەوان بە سرووشتیبوون و زاتیبوونی نایەکسانیی مرۆڤەکان. "ڕاست" پێیوایە ناتوانرێت ئەم نایەکسانییانە لەناوببرێت و گەر لەناویش ببرێن ئەوا لەسەر حیسابی پێشێلکردنی ئازادییە فەردییەکان کۆتاییدێت؛ سەرەڕای ئەمەش، لە دیدی ئەوانەوە، بوونی نایەکسانی شتێکی بەسودە چونکە خەباتی بەردەوامی لێدەکەوێتەوە بۆ باشترکردنی کۆمەڵگا[٣].

---

[2]. Norberto Babio, *Left and Right: The Significance of a Political Distinction*. Cambridge, UK: Polity Press, 1996, p. 97.
[3]. Herbert Marcuse, *Five Lectures: Psychoanalysis, Politics, and Utopia*. Translations by Jeremy Shapiro and Shierry Weber. Boston: Beacon Press, 1970, pp. 83-84.
.

بەپێی نوسراوی **ئەنسکلۆپیدیای سیاسەت: چەپ و ڕاست**، ئەمڕۆ لەو وڵاتانەدا کە خۆیان بە "دیموکراسیی لیبراڵی" هەژمار دەکەن، لە چەشنی ئینگلتەرا، ئەمریکا، ئوسترالیا و کەنەدا، چەپ بەو کەسە لیبراڵانە دەوترێت کە هەندێک بەرنامەی جۆراوجۆر دەخەنەڕوو بۆ سووککردنەوەی جێکەوتە توندوتیژەکانی سەرمایەداری. ئەم بەرنامانە هەڵگری بۆنمونە خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، بیمەی بێکاری، باج لەسەر داهاتی هەڵکشاو، دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان بۆ هەژاران و دەستەبەرکردنی توانستی پەروەردەیین بۆ هەموان.

"ڕاست" ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە دژی دەستێوەردانی دەوڵەتن لە ئابووریدا و بڕوایان وایە پێویستە بازاڕی ئازاد بەبێ دەستێوەردانی زیاد لەڕادەی دەوڵەت  ئیشی خۆی بکات. هەڵبەت گەر ڕاسترەوەکان دژی دەستێوەردانی دەوڵەتن لە بازاڕی ئازاددا، ئەوا داوای ئەوە دەکەن دەوڵەت لە پانتایی ئەخلاقدا هەندێک یاسا بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت. مادام "ڕاست" داکۆکی لە خاوەندارێتیی تایبەت دەکات، ئەوا ڕۆڵی سەرەکیی دەوڵەت لە بەرقەرارکردنی حوکمی یاسا و پاراستنی خاوەندارێتیدا دەبینێتەوە(ل viii).

لەم ڕوونکردنەوانەوە دەردەکەوێت کە چەپ و ڕاست، لە کەلتوری سیاسیی بۆرژوازییدا، بە دوو ئینتیما دادەنرێن لە هەناوی چینی سەرمایەداردا. لێرەوەیە کە لە مەعریفە و زانستی بۆرژوازییدا، چەپ و ڕاست بە گورزە و شەبەنگێک دادەنرێن، واتە سێبەر و تاریکـوڕوونییەکانی پرۆسەی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی. بەپێی ئەم بۆچوونە، سیاسەت بریتییە لە پەیوەستی و بەردەوامی یان زنجیرەیەک کە ئەڵقەکانی پێکەوەپەیوەستن گەرچی پێدەچێت مەوداش لەیەکتری وەربگرن. لەڕاستیدا، ئەوەی بۆشایی و درزی نێوان چەپ و ڕاست پڕدەکاتەوە "سانتریستەکان"ن. ئەو بزاڤانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن بەپێچەوانەی چەپ و ڕاستەوە، هەڵگری ئایدۆلۆژیا یان دۆکترین(بیروباوەڕ) نین. ئەم تێگەیشتنە بۆ ململانێی سیاسی لەوێوە هاوتەریب و هاوئاراستەیە لەگەڵ جیهانبینی و سیاسەتی بۆرژوازیدا کە دژایەتیی سیاسی، واتە دژایەتیی نێوان چینەکان، ڕەگەزەکان، نەژادەکان، و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان سووکدەکاتەوە، ململانێی سیاسی وەک بەردەوامی و سازشی نێوان پێگەکان وێنادەکات، هەروەها جەمسەرگیریی سیاسییش بە مەحاڵ، نادرووست، یان ناواقیعی دەزانێت.

عادەتەن لە ناوخۆی چەپ و ڕاستیشدا، دیسان ئینتیما و ئاراستەی چەپ و ڕاست دەبینرێنەوە. بۆنمونە، لە تەشکیلاتێکی کۆنزەرڤاتیڤدا، باڵی چەپ و ڕاست بەدیدەکرێن، یاخۆ حیزبە سۆسیاڵ دیموکراتەکانیش فراکسیۆنی چەپ و ڕاستیان هەیە. هاوکات، بەرەچاوکردنی هەلومەرجی مێژوویی ئەوەی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بە چەپ دەژمێردرێت، لە هەلومەرجێکی تردا بە "ڕاست" دادەنرێت. بۆنمونە، لە سەردەمانی شۆڕشی بۆرژوازیی فەرەنسادا، لەو هەلومەرجەدا کە "ڕاست" پشتیوانی ئەرستۆکراسیی فیودالی، پاشایەتی و کڵێسا بوو، ئەوا بەرگری لە ئابوریی ئازاد یان بازاڕی ئازاد وەک هەڵوێستێکی چەپگەرا سەیردەکرا. لەکاتێکدا لەمڕۆدا هەڵوێستێکی لەمجۆرە بە "ڕاست" دادەنرێت: (هەڵوێستی نیولیبرالی). هەروەها کەسێک یان ڕێکخراوێکی چەپ دەتوانێت لەسەر پرسێکی دیاریکراو هەڵوێستێکی "ڕاست" وەربگرێت و بەپێچەوانەشەوە. بۆنمونە، لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، چەپ کۆک و هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی کە لەباربردنی کۆرپەلە، ئازاد بێت؛ و ڕاستیش ناکۆکە لەگەڵیدا بەڵام جاروبار سیاسییەک یان یاسادانەرێکی "ڕاست" لایەنگری لەباربردنی کۆرپەلە بووە.

### 2) "چەپ" و "ڕاست" لە فەرهەنگی سیاسیی مارکسییدا

گەرچی سۆسیالیستەکان هەردوو چەمکی "چەپ و ڕاست"یان لە نەریتی سیاسیی شۆڕشی بۆرژوازیی فەڕەنساوە وەرگرت، کەچی بە مانای جیاجیا بەکاریدێنن. مارکس، کە عادەتەن دەیخەنە دوای دواوەوەی جەمسەری چەپەوە، خۆی زاراوەی چەپ و ڕاستی بەکارنەهێنا، گەرچی زۆرێک لە سۆسیالیستەکان چەپیان بەکارهێناوە، بۆنمونە لە ناو و ناونیشانی ڕێکخراوەکەیاندا. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، لەکاتی جیابوونەوە لە حیزبی سۆسیالدیموکراسیی ڕوسیادا(کە دوای شۆڕشی 1917 ناونرا حیزبی کۆمۆنیست)، هەردوو بزاڤی چەپ و ڕاستیان ناونا بەلشەفیک(زۆرینە) و مەنشەفیک(کەمینە) و خۆیان لە زاراوەی چەپ وڕاست پاراست.

شۆڕشی سۆسیالستیی ئۆکتۆبەری 1917، کە یەکەمین ئەزموونی درووستکردنی سۆسیالیزم بوو، هەر چرکە و سەعاتێک حیزبی ڕووبەڕووی هەندێک پرسی گرنگ دەکردەوە کە پێویستی بە ڕێگەچارەی دروووست و خێرا و دەمودەست هەبوو. لە هەلومەرجێکی وەهادا، کۆکنەبوون لەسەر هەر پرسێک، بەشێوەیەکی جدی خۆی دەردەخست. دەستەیەک لە ڕێبەران و کادرانی حیزب، ناکۆک بوون لەگەڵ خەتەکەی لینیندا چ لە کاروباری ناوخۆیی و چ لە سیاسەتی دەرەکییشدا. سێ مانگ دوای شۆڕشەکەش، لە شێوەی باڵێکدا و لەژێر ناونیشانی "کۆمۆنیستە چەپەکان"دا دەستیانکردە چالاکی. پێیانوابوو پێویستە یەکسەر شۆڕشی جیهانی ئەنجامبدرێت چونکە بەبێ شۆڕشی دەمودەست وخێرا لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا، شۆڕشی سۆسیالیستی لە ڕوسیادا شکستدێنێت. ئەوان دژی ئەوە بوون حکومەتی سۆڤیەت لە جەنگی ئیمپریالیستیی(جەنگی یەکەمی جیهانی)دا خۆی دووربگرێت و لەگەڵ هەڵگیرسێنەرانی جەنگدا ڕێکەوتننامەی ئاشتی واژۆبکات. بەنیسبەت بینای سۆسیالیزمیشەوە، "کۆمۆنیستە چەپەکان" خوازیاری بەرقەراربوونی خێرای سۆسیالیزم بوون، ئەویش بەهۆی پەلامارەوە بۆسەر سەرمایەداری لەڕێگەی هەنگاوگەلێکی وەک هەڵوەشاندنەوەی بانکەکان و پارەوە.

بەدوای سەرکەوتنەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، دید و بۆچوونی چەپڕەوانە لە حیزبە کۆمۆنیستە نوێیەکانی دونیادا گەشەیکرد. پشتیوانانی ئەم دیدە، دژی بەشداریکردنی کۆمۆنیستەکان بوون لە یەکێتییە کرێکارییە ڕیفۆرمیستەکان و پارلەمانەکانی بۆرژوازییدا. لینین لە ساڵی 1920دا، لە نامیلکەیەکدا بەناوی ***چەپڕەوی: نەخۆشیی منداڵانەی کۆمۆنیزم*** ڕەخنەی ئەم خەتەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئینتەرناسیۆنالدا کرد و ئەمەش لە هەلومەرجێکدا بوو کە ڕاستڕەوی هێشتاش هەر بە ڕەوتی سەرەکی هەژماردەکرا.

. بەدوای ئەم خەباتە خەتییەدا، زاراوەی ئۆپۆرتۆنیزم(هەلپەرستی)ی چەپ و ئۆپۆرتۆنیزمی ڕاست لە ئەدەبیاتی مارکسی-لینینیدا بووە باو. ئۆپۆرتۆنیزم، ئەو بزاڤە سیاسی و ئایدۆلۆژییەی ناو بزووتنەوەی کرێکارییە کە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار دەکاتە پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەدار کە بەم جۆرە خوازیاری وەرگرتنی ئیمتیازی کاتی و کورتخایەنن بۆ هەندێک بەشی چینی کرێکار، ئەویش لەبەرامبەر خستنەژێرپێی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانی کۆی چینەکەدا. هێنانەپێشەوەی خەباتی خۆبەخۆ، واتە خەباتی سەندیکایی، وەک ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری، بە ڕیشەی ئۆپۆرتۆنیزم دادەنرێت لەم بزووتنەوەیەدا. "ئۆپۆرتۆنیزمی ڕاست" برەو بە هاوکاریی چینی کرێکار دەدات لەگەڵ بۆرژوازی و سازش و خۆگونجاندن لەگەڵ سیستەمی سەرمایەداریدا؛ بۆنمونە، برەودان و ڕاگەیاندنی خۆبەخۆ و تێپەڕینی ئۆتۆماتیکی لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆسیالیزم لەجیاتیی شۆڕشی سۆسیالیستی، ڕاگەیاندنی هاوکاری لەبری ململانێ و خەباتی چینایەتی، ڕاگەیاندنی دیموکراسیی بۆرژوازی لەبری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. ڕیفۆرمیزم و ئیکۆنۆمیزم و ڕیزیۆنیزم بە کۆمەڵێک فۆرمی ئۆپۆرتۆنیزم دادەنرێن. ئۆپۆرتۆنیزمی چەپ،

ڕووبەڕووبوونەوەی بۆرژوازی دەکاتە شتێکی ڕەها و، بەهۆی ئیرادەگەری و ئاڤانتۆریزمەوە ڕووبەڕووی سەرمایەداری دەبێتەوە.

لەدرێژەی شۆڕشی کەلتوریی پرۆلیتاریدا لە چین کە لەساڵی 1966 بۆ ڕێگرتن لە زیندووبوونەوەی سەرمایەداری دەستپێکرد، وێڕای ئەوەی زاراوەی چەپ و ڕاست بەکاردەهێنران، جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە ناواخنی چینایەتیی خەتە سیاسییەکان بەڕوونی و ڕەوانی لەژێر ناونیشانی (شوێنکەوتوانی سەرمایەداری) و (شوێنکەوتوانی سۆسیالیزم)دا دەرببڕدرێت. "ڕاست" بە لایەنگرانی گەشەی سەرمایەداری دەوترا و "چەپ"یش خەتی سۆسیالیستی بوو. جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە ململانێکانی ناوخۆی حیزب بە ململانێی هەردوو چینی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی هەژماردەکرێن و دەبێت لایەنگرانی هەردوو خەتەکە لەژێر ناوی شوێنکەواتوانی سۆسیالیزم و شوێنکەوتوانی سەرمایەداریدا پۆلێن بکەین نەک "چەپ و ڕاست".

لە ساڵانی 1960دا زاراوەی "چەپی نوێ" بووە باو. چەپی نوێ، کۆمەڵێک تیۆر، هەڵوێست و بۆچوون و بزووتنەوەیە کە لە کۆتایی شەستەکاندا لە ئەوروپا و ئەمریکا و یابان گەیشتە چڵەپۆپە و لە کۆتایی حەفتاکاندا بەرەو کزی و داکەوتن چوو. چەپی نوێ، خۆی دەخاتە بەرامبەر چەپی کۆن یان چەپی ئۆرتۆدۆکس یان چەپی تەقلیدییەوە؛ واتە بەرامبەر ئەو چەپە مارکسی و لینینییەی کە لە ڕوسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا گەیشتە دەسەڵات و لە بنیاتنانی سۆسیالیزمدا شکستی هێنا.
لەڕاستیدا زاراوەی "چەپی نوێ" دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی پەنجا. ئەویش لەکاتێکدا حیزبە کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت و ئەوروپا یەکسەر دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەهۆی ئەو ڕۆڵەوە کە لە خەباتی دژەفاشیستیدا گێڕایان، بەها و ئیعتیبارێکی کەموێنەیان بەدەستهێنابوو و پشتیوانیی زۆرێک لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو، دە ساڵ دواتر و پاش سەرکوتکردنی بزووتنەوەی نارەزایەتیی هەنگاریا لەلایەن هێزەکانی پەیمانی وارشۆ(١٩٥٦) و هێرشی خرۆشۆف بۆسەر ستالین(١٩٥٦)، زۆرێک لە ڕۆشنبیران لەم حیزبە جیابوونەوە(بۆنموونە، لە ئینگلتەرا ا.پ.تامپسن و ڕیمۆند ویلیامز). ئەوان مارکسیزمی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیان خستەلاوە کە لەو ساڵانە دەوڵەتی ببووەوە و لایاندایەوە بەلای مارکسیزمی نوێدا. لە چالاکییەکانی ئەم گرووپە(لە ئینگلتەرا) بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ***چەپی نوێ*** بوو کە لەساڵی ١٩٦٠دا بە تێکهەڵکێشکردنی دوو بڵاوکراوەی ئەم بزووتنەوەیە بڵاوبووەوە. چەپی نوێ، لەو ڕۆشنبیرە ئەکادیمییانە پێکهاتبوو کە دەستیاندایە ڕەخنەکردنی ئەزموونی سۆسیالیزم و تیۆرە مارکسییە/لینینییەکە، بەڵام نەیانتوانی ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بخەنەڕوو. لە پانتایی تیۆرییدا، مارکسیزمە نوێیەکەیان لە چوارچێوەی "قوتابخانەی فرانکفۆرت" تێنەپەڕی کە بە هەمان ڕێگادا ڕۆیشتبوو.
بەڵام چەمکی "چەپی نوێ"، لە هەر شتێکی تر زیاتر، هاوتا و هاومانای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی شەستە. سەرکەوتنی شۆڕش لە کوبا(١٩٥٩) و گەشەی بێ‌پێشینەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان لە ئەفریقا، ئاسیا، و ئەمریکای لاتین، پەرەسەندنی دەستدرێژیی ئەمریکا بۆسەر ڤێتنام، شکستی ئابڕووبەرانەی دەستدرێژیی ئەمریکا بۆسەر کوبا، سەرکەوتنەکانی بزووتنەوە دژەئیمپریالیستییەکانی جەزائیر و فەلەستین و لائۆس، جیابوونەوە و ئینشیقاق لە بزووتنەوەی ئینتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیدا بە ڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی چین، ئەمانە و زۆر گۆڕانکاریی تر گەشەیدا بە هێزە چەپەکان لە وڵاتانی سەرمایەداریی ڕۆژاوادا.

لەکاتێکدا خەباتە کرێکارییەکان لەم وڵاتانەدا درێژەی هەبوو، گەشەی "بزاڤی مافە مەدەنییەکان"(خەباتی ئەفریقییەکان و ئەمریکییەکان)، دەسپێکردنی جووڵانەوەی دژ بە جەنگی ڤێتنام، بزووتنەوەکانی ژنان، بەرەنگاریی خەڵکی خۆماڵی و ناوخۆیی(لە ئەمریکا، کەنەدا، ئوستڕالیا و ...)، خەبات دژی چەکی ئەتۆمی و باقیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر ملیۆنان کەسیان ڕاکێشایە مەیدانی خەباتەوە. گەر چەپی نوێ لە کۆتایی پەنجاکاندا، تاقمێک ڕۆشنبیری زانکۆیی و دابڕاو لە حیزب بووبێتن، ئەوا لە شەستەکاندا کرۆکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی پێکدەهێنا و هێزە سەرەکییەکەی بریتیبوو لە خوێندکاران و گەنجان. لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییشەوە، چەپی نوێی ساڵانی شەست کە مەنزوومەیەکی ناچوونیەک بوو لە بزاڤە ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستی و ئەنارشیستییەکان تا دەگاتە ئەو گرووپانەی کە پاش ماوەیەک مەیدانی خەباتیان جێهێشتبوو، دەستیاندایە بەرخۆدان و مانەوە لە شاخ و جەنگەڵدا یاخود پەنایان بۆ خەباتی پارتیزانی برد. چەپی نوێ دژی بونیادە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی وەستایەوە و بەها ئەخلاقییەکان و نۆرمە کەلتورییەکان و ستایلی ژیان و ئایدیاڵەکان و ئاسۆی ئەم کۆمەڵگایەی خستە بەر پرسیار و لە هەندێ حاڵەتیشدا گۆڕانی بەسەردا هێنا. ئەم بزاڤانە کۆمەڵێک پانتایی و مەیدانیان نوێیان لەبەردەم خەباتداکردەوە(بۆنمونە، ژینگە، شەڕکردن دژی چەشنەکانی ستەمی ڕەگەزی، شەڕکردن دژی زمانی دژەژن و نەژادپەرستانە، دژایەتیکردنی بەرخۆری و مەسرەفگەرایی، شەڕکردن دژی توندوتیژی و دڵڕەقیی پۆلیس و...)، یارمەتیی بەدیموکراسیکردنی ژیانی سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییان دا و دەستیاندایە شەڕکردن لەگەڵ نەژادپەرستی، شۆڤێنیزمی میلی، ئیمپریالیزم و داگیرکاری، هەڵگیرساندنی جەنگ، میلیتاریزم و سوپاگەرایی، چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و هەڵاوێردی ڕەگەزی و نەژادی.

گەر خەڵکی ڤێتنام وڵاتەکەی خۆیانیان کردبێتە گۆڕستانی سەربازە ئەرمیکییەکان، ئەوا بزووتنەوەی دژەجەنگ، کەهێزە سەرەکییەکەیان لە خوێندکاران و گەنجان پێکهاتبوو، ئەمریکای کردە بەرەیەکی دیکە دژی دەستدرێژی و داگیرکاری. گەرچی لەگەڵ شکستی ئەمریکادا لە ڤێتنام(١٩٧٥) بزووتنەوەی دژەجەنگ و باقیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر هێدیهێدی دامرکانەوە و لە هەشتاکاندا "کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکان" لە وڵاتانی وەک ئەمریکا، بەریتانیا، و کەنەدا گەیشتنەدەسەڵات، کەچی هێشتاش دەتوانین کاریگەریی بزووتنەوەکانی ساڵانی شەست لە هەموو بوارەکاندا ببینین. بزاڤگەلی ڕاست و کۆنزەرڤاتیڤ هێشتاش ساڵانی شەست وەک کابوسێک دەبینن و لە گەڕانەوەی تۆقیون.

هەندێک لە توێژەران وتویانە کە ئیلهامبەخشی ئەم بزاڤانە بریتییە لە (سێ میمەکە، ٣ م): مارکس، ماو، مارکۆزە. هەروەها (کاگاهۆ)ش، کە بریتین لە کاسترۆ، گیڤارا، هۆشی منە. گەرچی "چەپی نوێ" وەک هێزی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵانی شەست، توانیی ڕووخساری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بگۆڕێت، ئەم گۆڕانکارییانە لە چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا درووستبوو. گەر چەپی نوێ لە کۆتاییەکانی ساڵانی پەنجا تەنیا لە کایەی تیۆرییدا ڕووبەڕووی چەپی کۆن بووەوە و نەیتوانی بەهۆی مارکسیزمی نوێوە، خۆی ئەڵتەرناتیڤێک لەبەرامبەر چەپی کۆن و سۆسیالیزمی ئەوکاتی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیدا بخاتەڕوو، کەچی چەپی نوێش نەیتوانی چ لە کایەی تیۆری و چ لە پراکتیکیشدا لە مارکسیزمی نوێی نەوەی پێش خۆی تێپەڕێت. مارکۆزە، کە لە ڕێبەرە تیۆرییەکانی "چەپی نوێ"یە(لە قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە بیگرە تا ساڵانی شەست)، جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان چەپی نوێ و چەپی کۆنی بەم جۆرە دەربڕیوە:

**چەپی نوێ، وێڕای هەندێک ئاوارتە(ئیستیسنا)، هەر مارکسیزمی نوێیە نەک مارکسی بە مانا ئۆرتۆدۆکسەکەی. بەچڕی لەژێر کاریگەریی ماویزم و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی جیهانی سێیەمدایە.**

**سەرەڕای ئەوەش، چەپی نوێ هەڵگری ئینتیمای نیۆ-ئەنارشیستییە و لە خەسڵەتەکانیشی: بێمتمانەیی قووڵ بە حیزبەکانی چەپی کۆن و ئایدۆلۆژیاکانیانە. چەپی نوێش، دیسان سەرباری کۆمەڵێک ئاوارتە، خۆی بە پابەندی چینی کرێکار نازانێت وەک تاکە بکەر و بریکاری شۆڕشگێڕ...[4]**

مارکۆزە بەتەواوی جیاوازیی سەرەکیی "مارکسیزمی نوێ" و مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی بەستۆتەوە بە جیاوازیی ڕۆڵی مێژوویی چینی کرێکارەوە لە کۆتاییهێنان بە سیستەمی چینایەتیدا. چەپی نوێ و مارکسیزمی نوێ، سەرباری هەندێک ئاوارتە، بڕوای بە شۆڕشی سۆسیالیستی نیە، دژی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاشن چونکە دیموکراسی بە شێوازێک لە شێوازەکانی پیادەکردنی دیکتاتۆریەتی چین دانانێن و بڕوایان بە ڕۆڵی حیزبی کۆمۆنیست نیە وەک "بیناسازی"ی بینای سۆسیالیزم. بەڵام چەپی نوێ سەرباری کردە و پراکتیکی بەرفراوانی ساڵانی شەست، نەیتوانی ڕێگەچارە و ستراتیژێکی نوێ بخاتەڕوو، پتر لەبەر ئەوەی کە کەموکورتییە سەرەکییەی لە کایەی تیۆرییدا بوو.

شۆڕشی کەلتوریی چین، کە بەشێکی گرنگی چەپی نوێ ئیلهامی خۆی لەوەوە وەرگرت، بە جەختکردنەوەی لەسەر بنەما تیۆری و ئایدۆلۆژییەکانی مارکسیزم/لینینیزم، ئاڵۆزییەکانی ململانێی چینایەتیی لەسەر بنەمای ئەزموونی بینای سۆسیالیزم(لە سۆڤیەت و چین) تیۆریزەکرد و مەعریفەی مارکسیی بردە ئاستێکی باڵاتر. ئینشیقاقی ١٩٦٤ لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەتایبەت شۆڕشی کەلتوری ڕێیخۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی (بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی). ئەم بزووتنەوەیە، بەپێچەوانەی چەپی نوێ و مارکسیزمی نوێوە، دژی ڕیزیۆنیزم(ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی لە مارکسیزمدا) هەستایەوە نەک دژی مارکسیزم.

تەحەدا سەرەکییەکە ئەمەیە: سیستەمی چینایەتیی لەمێژینە، کە لە هەموو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆنتر و ڕزیوترە، چۆنچۆنی دەتوانین لەناوی ببەین و دەتوانین چ سیستەمێک لەسەر وێرانە داروپەردووەکەی بنیات بنێینەوە؟ ئەمڕۆ کە بۆرژوازی پاش ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت، کۆتایی مێژووی ڕاگەیاندووە، چۆن دەتوانین بگەین بەو شتەی کە مارکس پێیدەگوت سەرەتای مێژوو، واتە کۆمەڵگای بێچین؟ لە دیدی مارکسیزمەوە، کۆمەڵگا چینایەتییەکەی ئێمە بە پێشمێژوو دادەنرێت و بەبێ دەستێوەردانی ئاگایانە و هۆشیارانە، و بەبێ شۆڕش، هەرگیز ناگەینەوە بە سەرەتاکەی. شۆڕشیش بەبێ تیۆری شۆڕشگێڕانە مەیسەر نابێت و نارەخسێت. چەپی نوێ و مارکسیزمی نوێ، گەر بیانەوێت کۆتایی بە دونیا کۆنەکە بێنن، ئەوا بە کام چوارچێوەی تیۆرییەوە وەرچەرخانێکی وەها درێژخایەن دەستپێدەکەن و درێژەی پێدەدەن؟

ئەمڕۆ کە چەپی کۆن و "ئۆردوگا و بەرە سۆسیالیستییەکەی" لەناوچوون، چەپی نوێ سەرباری هەڵوەشاندنەوەی، لە زۆرێک وڵاتاندا و لەوانەش ئێران کۆمەڵێک شوێنکەوتەی هەیە- هەم لەناو ئەوانەدا کە پێشتر بەشێک بوون لە چەپی کۆن و پێگەی خۆیان گۆڕیوە و هەم لەناو ئەو نەوە نوێیەشدا کە لە دۆخی باڵادەست بێزارن و خوازیاری گۆڕینی ڕیشەیی دونیان. لە چین(صین)ی ئەمڕۆشدا کە شوێنکەواتوانی سەرمایەداری نزیکەی سێ دەیەیەکە دیکتاتۆری پیادەدەکەن، بزاڤەکانی چەپی نوێ لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی نەوەددا، سەریانهەڵدا. هەندێکیان لایەنگری پۆستمۆدێرنیزمن و هەندێکیان پشتگیری لە ماو و شۆڕشە کەلتورییەکەی دەکەن[5].

---

[4]. Herbert Marcuse, *Five Lectures: Psychoanalysis, Politics, and Utopia*. Translations by Jeremy Shapiro and Shierry Weber. Boston: Beacon Press, 1970, pp. 83-84.

[5]. Chinese New Left," *Wikipedia*, accessed July 2, 2007.

## ٣. گرنگیی زاراوەکانی "چەپ" و "ڕاست"

لەم باسە کورتەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە:

1) پێویستە لە بەرکارهێنانی "چەپ" و "ڕاست"دا، وەک هەر وشەیەکی تر و ڕەنگە لە هەمووشی زیاتر، پێویست بکات سەرنج لە سیاقە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەیان بدەین. بۆنمونە، پێویستە مانا و بەکارهێنانە جیاجیاکانی ئەم دوو زاراوەیە لە کەلتوری سیاسیی بۆرژوازی و سۆسیالیستیدا ڕەچاوبکەین.

٢) لە کەلتوری سیاسیی بۆرژوازییدا، چەمکەکانی "چەپ" و "ڕاست" و "ناوەڕاست" لێکجیاکردنەوەی ڕواڵەتیی باڵکاری و جەمسەربەندییە سیاسییەکانی بۆرژوازی مەیسەردەکەن. کاتێک بۆرژوازیی فەرەنسا لە میانەی شۆڕشی ١٧٨٩دا دەسەڵاتی دەوڵەتی بەدەستهێنا، ئەوا دژیەکییەکانی ناوەوەی ئەم چینە بەشێوەیەکی زۆر توند لە پانتایی سیاسەتدا دەرکەوتن و لە کەوڵی "چەپ و ڕاست و ناوەڕاستدا" لێکجیابوونەوە. گەرچی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکانی ناوخۆی ئەم چینە بەسودە، بەڵام تەنانەت لە چوارچێوەی ململانێکانی ناوخۆی ئەم چینەشدا، لە ڕواڵەتەوە نامانگەیەنێتە قووڵایی. وێڕای ئەمەش، ناکۆکی و دژایەتیی نێوان یەعقوبییەکان، واتە باڵی چەپی بۆرژوازی و ژیرۆندینەکان کە باڵی ڕاستن و باڵە ڕاسترەوەکانی تر و ناوەڕاستدا، شتەکە بەرەو توندوتیژی برا. نابێت ئەم ناکۆکییانەی ناوەوەی چینەکە لەگەڵ ناکۆکیی نێوان هەردوو چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریادا تێکەڵبکەین.

٣) لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا، چەپ و ڕاست بە دوو مانا بەکارهاتوون. یەکەمیان، لە شۆڕشی کەلتوریی چیندا، چەپ بە خەتە پرۆلیتارییەکە دەوترا و ڕاستیش بە خەتە بۆرژواییەکە و بەم جۆرە چەپ و ڕاست نوێنەری دوو چینی دژ بوون. کەموکورتییەکانی ئەم دوو زاراوەیە(چەپ و ڕاست) بەهۆی بەکارهێنانی زاراوەکانی وەک (شوێنکەوتوانی سەرمایەداری) و (شوێنکەوتوانی سۆسیالیزم)ـەوە لاچوو. دووەمیش، ئۆپۆرتۆنیزم، بە چەپ و ڕاستی سیاسەتی بۆرژوازی دادەنرێت لە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستیدا. بەم مانایە زیاتر "چەپڕەوی" و "ڕاسترەوی" و هەندێکجاریش "لادانی چەپ و ڕاست" بەکاردێن نەک "چەپ و ڕاست". چەپڕەوی بە شێوازێک لە ڕاسترەوی دادەنرێت و هەندێک دەربڕین و دەستەواژەی وەک "لە

فۆرمدا چەپ و لە ناوەڕۆکدا ڕاست". جەختکردنەوەیە لەسەر بۆرژوازیبوونی ئۆپۆرتۆنیزمی چەپ و ڕاست.

٤) ئەمڕۆ یەکێک لە ماناکانی چەپ، ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵە ئینتیمایەی کە دژی دۆخی باڵادەستە و گورزەیەکی بەرفراوان لەخۆدەگرێت. ئیدی لە دیموکراتە شۆڕشگێڕەکانەوە بیگرە تا لایەنگرانی ژینگە، فیمینیستەکان، ئەنارشیستەکان، سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکان. ئەم مانایەی چەپ کە لە مەعریفە و کەلتوری سیاسیی بۆرژوازییدا باوە، سیاسەتی جیاواز و دژیەک لە کاتیگۆرییەکدا کۆدەکاتەوە و ئەو سنورانە دەسڕێتەوە کە لەسەر بنەمای پێگەی چینایەتی لێکیان جیادەکاتەوە.

٥) لە ئێرانی ئەمڕۆ [و کوردستانیش]دا، بازنەی مانایی و دەلالیی ئەم وشەیە لە گۆڕاندایە. چەپ پتر بە مانای سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم بەکاردەهێنرێت و لەو ڕووەشەوە کە بازنەی چەپ زۆر بەرفراوانە، ئیدی هەندێ کەس بۆ جیاکردنەوەی بزووتنەوە سۆسیالیستی و کۆمۆنیستییەکان لە بزووتنەوە چەپەکانی تر، هەندێ سیفەت و ناونیشانی وەک "کرێکاری" و "ڕادیکاڵ" دەخەنە پاڵ چەپ. یەکێک لە گرفتەکانی ئەم زاراوە لێکدراوانە ئەوەیە کە پەنابردن و دەسگرتن بە سیفەتەکانی "کرێکاری" و "ڕادیکاڵ"ـەوە ناتوانێت ناوەڕۆکی چینایەتیی ئەو چەپە پیشانبدات کە باسی لێوە دەکەن. کرێکار، گەر هۆشیاریی چینایەتیی نەبێت، ئەوا لەڕووی سیاسییەوە بریتییە لە (وردە)بۆرژوایەک نەک کۆمۆنیست، و ڕادیکاڵبوونیش پەیوەندییەکی بە سۆسیالیستبوون و کۆمۆنیستبوونەوە نیە.

٦) ئاڵۆزی و لاستیکیبوونی ئەم دوو زاراوەیە تارأدەیەک ئاڵۆزی ململانێی چینایەتی پیشاندەداتەوە. هەردوو چینە سەرەکییەکەی دونیای هاوچەرخ، واتە پرۆلیتاریا و بۆرژوازی، سەرەڕای دژیەکی و دژایەتییەکەی نێوانیان، کەچی هەرکامیان لە هەناوی خۆیدا دیاردەیەکە و لە کۆمەڵێک دژیەکی پێکهاتووە. هاوکات، چینە دژیەکەکان بەهۆی ئۆقیانوسێکەوە لێکجیانابنەوە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و (دزە دەکەنە ناو یەکترییەوە)، بەتایبەت پانتایی تیۆرییدا. گەر هەردوو چینەکە لە پانتایی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ساماندا بەڕوونی دژی یەکتری وەستابێتنەوە، ئەوا دژوەستانەوەیان لە پانتایی تیۆری و زەینییدا بەو ئاسانییە درووستنابێت. پەیوەندییەکانی نێوان چین و سیاسەت زۆرئاڵۆزە و لەبەر هەندێک هۆکاری جیاجیا و لەوانەش بە وتەی مارکس: مەرج نیە نوێنەرانی سیاسی و ئەدەبیی چینێک لە هەناوی ئەو چینەوە بێنەدەرێ. ئالێرەوەیە کە ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژیی نێوان دوو چین و ناوخۆی چینێکیش(بۆنمونە، ململانێی دوو خەت و پەیڕەو و پرۆگرام لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا)، ڕۆڵێکی هێجگار گرنگی هەیە و کاریگەریی لە چارەنووسی چینی کرێکاردا هەیە، نەک بڕی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان.